

## دووهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاند پێکهات

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١١/١٩ لە شاری تۆرکۆی وڵاتی فەنلاند، دووهەمین کۆنفرانسی لاوان لە ژێر ناوی "کۆنفرانسی قاسملوو" کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆ بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" و خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

بە دوای کرانەوەی کۆنفرانس لە لایەن هاوڕێ ئەمیر رەسوولی، ئەندامی لە مێژینەی لاوان و پەسندکردنی ناوی کۆنفرانس بە تێکرای دەنگ، پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکرات لە فەنلاند، پەیامی یەکیەتیی لاوان لە کوردستان، پەیامی دەستەی نوێنەرایەتیی گشتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، پەیامی کۆمیتەی سوئێدی لاوان، پەیامی کۆمەڵێك لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە نۆرویژ، پەیامی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکرات لە فەنلاند، پەیامی کۆمیتەی شاری کەیانی لە وڵاتی فەنلاند، پەیامی کۆمەڵێك لە لاوانی نیشتەجێی کانادا، فەنلاند، پەیامی کۆمەڵێك لە لاوانی نیشتەجێی ئاڵمان، فەنلاند، پەیامی کۆمەڵێك لە لاوانی نیشتەجێی ئامریکا، فەنلاند، پەیامی کۆمەڵێك لە لاوانی نیشتەجێی ئینگلستان، فەنلاند، پەیامی کۆمەڵێك لە لاوانی نیشتەجێی ئوستڕالیا خوێندرانەوە.

پاشان ڕاپۆرتی کارو چالاکی لە لایەن بەڕێز کاوە خزری، بەرپرسی گشتیی لاوان لە فەنلاند و ڕاپۆرتی ماڵی لە لایەن بەڕێز رزگار فەتاحپوور، بەرپرسی بەشی ماڵی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

کۆنفرانس کارەکانی خۆی بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی نوێ کۆتایی پێهێنا. کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دا ئەو هاوڕێیانە هەڵبژێردران:

١_ شەوین مەمەندی، ئەندامی ئەسڵی

٢_ سلێمان شێخانی، ئەندامی ئەسڵی

٣_ پەیوەند قادری، ئەندامی ئەسڵی

٤_ کەریم شێخانی، ئەندامی ئەسڵی

٥_ ئارا موکری، ئەندامی ئەسڵی

٦_ بارزان جوانمێری، ئەندامی ئەسڵی

٧_ شیوەن ئیسماعیلزادە، ئەندامی ئەسڵی

هەروەها ٣ کەس وەك ئەندامی جێگر هەڵبژێردران:

١_ کامیل شەخسی

٢_ ئاوات تابانی

٣_ سنوور حوسێنی

شایانی باسە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی هەڵبژێردراو دا هاوڕێ سلێمان شێخانی وەك بەرپرسی گشتی دەنگی پێدرا.





# کۆڕێك بۆ بەڕێز:
# دیاکۆ شێخ ئاقایی

رۆژی ٣شەممە رێکەوتی ١٠ی گەلاوێژ، سەعات ١٠ی بەیانی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆڕێکی بۆ بەڕێز دیاکۆ شێخ ئاقایی ئەندامی پارتی سۆسیال دێموکراتی سوئێد و سەرۆکی وەفدی سۆسیال دێموکرات لە سەفەر بۆ کوردستان پێکهێنا.

لەم کۆڕەدا بەڕێز شێخ ئاقایی باسێکی تێرو تەسەلی لە سەر پێکهاتەو ستراکتۆری سۆسیال دێموکراتەکان لە سوێد و شێوەی هەڵبژاردنی پارلەمانی گشتی و پارلەمانی لاوانی شیکردەوەو لەسەر ململانێی حیزبەکانی سوێد لە هەڵبژاردنەکان دا بۆ ئامادەبووان دوا. پاشان نۆرە گەیشتە پرسیاری بەشداربووانی کۆڕەکەو کۆمەڵێك پرسیارو تێبینی هاتە ئاراوەو باسەکە دەوڵەمەندتر کرا.

بەشی دوهەمی باسەکە بە هۆی درەنگ بوونی کات خرایە رۆژی دواتر واتە ٤شەممە ١١ی گەلاوێژ. باسی ئەو رۆژە لە سەر سوسیالیزمی دێموکراتیك و سوسیال دێموکراسی و جیاوازی ئەو دوو چەمکە بوو و پەسند کردنی سوسیالیزمی دێموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات کە لە لایەن شەهیدی هەرگیز نەمر دوکتور قاسملوو، لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب دا پەسند کراوە، بەرز نرخێندرا و بە هەنگاوێکی گرینگ لەو سەردەمەدا زانرا.

بەشداری چالاکی بەشداربووان دیسان کۆڕەکەی گەرم و گورتر کرد و دەروازەیەکی باش بۆ زیاتر خستە بەرباسی ئەو مەسەلانە کرایەوە.

پێویستە ئاماژە بکرێ سەرجەم باس و پرسیارەکان لەو دوو رۆژەدا نزیك ٤ سەعاتی خایاند.

---



## پێشانگایەکی شێوکاری بۆ سێ هونەرمەندی لاو

بەشی ئامووزشیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکییەکانی دا پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ ٣ هونەرمەندی لاو، شیلان خوسرەوی، بەرزان خوسرەوی، فەرزانە خوسرەوی (رێژاو) لە بنکەی یەکیەتیی لاوان بەڕێوە برد.

ئەم پێشانگایە سەعات ١٠ی بەیانی رۆژی دوشەممە رێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٥ لە لایەن کچۆلەی شەهید "سازگار مەحموودی" کرایەوە.

بەڕێزان کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزب و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە تێکۆشەری دێرینی حیزب و گەلەکەمان و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانی حیزبی سەردانی ئەو پێشانگایەیان کرد کە بۆ ماوەی ٣ رۆژ بەردەوام بوو.



## بەڕێوەچوونی خولێکی راهێنانی کامپیوتێر لە کۆمیتەی یەکیتی لاوانی ناوەندی ای کوردستان

بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری لاوان و ئاشنا کردنیان بە زانستە نوێیەکان، کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ١ی کوردستان خولێکی راهێنانی کامپیوتێری بۆ لاوانی نیشتەجێی ئەو کەمپە پێکهێنا.

لەو خولە دا کە لە رێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٢ تا ٢٠٠٦/١٠/٢١ی خایاندو بە دەیان کەس لە لاوان تێیدا بەشدار بوون، لە هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی دا کۆمەڵێك زانیاری بەنرخ پێشکەش بە بەشداربووان کرا و لە کۆتاییشدا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی کاریگەری خولەکە، تاقیکردنەوە لە سەر لاوان بەڕێوە چوو.

پێویستە بگوترێ ئەو خولە لە لایەن هاوڕێ موختار خەندانی ئەندامی کۆمیتەی لاوان لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوە چوو.